# لێکدانەوەی پێکهاتەی نەحوی گێڕانەوەی ئەفسانەی شازادە ئیبراهیم له ڕوانگەی پێکهاتەخوازی تۆدۆرۆفەوە



جەلال پوورحەسەن

**ناسنامەی کتێب: «شازادە ئیبراهیم»، قاسم تابناک، چاپەمەنی هیوا، مەهاباد ١٣٨٣.**




ISBN: 97896479703X

**Website: [www.kurdishbookhouse.com](http://www.kurdishbookhouse.com)**

**Telegram: [https://t.me/kurdishbookhouse](https://t.me/kurdishbookhouse)**

تایبەت بە ماڵی کتێبی کوردی

www.kurdishbookhouse.com

## ❖ لێکدانەوەی پێکهاتەی نەحوی گێڕانەوەی ئەفسانەی شازادە ئیبراهیم له ڕوانگەی پێکهاتەخوازی تۆدۆرۆفەوە

**پووختە:**

ڕوانگەی پێکهاتەخوازی بە سەر دەقە ئەدەبییەکان بە شێوەی جۆراوجۆر ئەنجام دراوە، یەکێک لەو ڕوانگانە خوێندنەوە و موتاڵای گێڕانەوەی دەقەکانە. یەکێک لەو شێوازە خوێندنەوەیانە شێوازی لێکدانەوەی گێڕانەوەیی تۆدۆرۆفە کە باشترین ئولگوویە بۆ لێکدانەوەی پێکهاتەی گێڕانەوە، تۆدۆرۆف سێ نموودی واتایی، قسەیی و نەحوی باس دەکات، لەو وتارە دەمانهەوێ پێکهاتەی نەحوی ئەفسانەی شازادە ئیبراهیم بتۆژینەوە. ئەنجامی ئەو تۆژینەوەیە نیشان دەدات کە ئەو چیرۆکە لە ٤٩ پەیڕەفت پێکهاتووە کە سێ جۆری نێوەندگیری، زەنجیری و نۆرەیی لە خۆ دەگرێت.

**وشە سەرەکییەکان:** گێرانەوەناسی، پێکهاتەی نەحوی، تۆدۆرۆف، شازادە ئیبراهیم

### ١- سەرەتا

لە نێوان نەزەرییە جیاوازەکانی ئەدەبی، پێکهاتەخوازی توانیوێتی بە سرنجێکی زیاتر لە دەق- هەم فۆرم و هەم ناوەرۆک- شێوازێکی

www.kurdishbookhouse.com

تایبەت بێنێتە ئاراوە، یەکێ لەو شێوازانە خوێندنەوە و لێکدانەوەی گێرانەوەی دەقی چیرۆکەکانە، لێکدانەوەی گێرانەوە لە پراپەوە دەستی پێکرد، پراپ لە لێکدانەوەی زیاتر لە ١٠٠ چیرۆکی پەریانی رووسی دەریخست کە بەردەوام لەو چیرۆکانە دا ٣١ کارکرد پاتە دەبنەوە، ئەگەرچی کەسایەتییەکان دەگۆڕین بەڵام کارکردەکانیان هەر وەک خۆی دەمێنێتەوە.

بەڵام یەکەم کەس کە باسی گێرانەوەناسی کرد تێزۆتان تۆدۆرۆف بوو، تۆدۆرۆف لە سێ ڕوووەوە گێرانەوەی لێکدایەوە واتایی، قسەیی و نەحوی.

دواتر کەسانێکی وەک بارت و گێرماس بناغەکانی ئەو شیوەیان دارشت و ئەوەی ئەوڕۆ وەک گێرانەوە ناسی دەیناسین بەرهەمی ڕەنج و زەحمەتەکانی ئەوانە.

ئەفسانەی شازادە ئیبراهیم یەکێ لەو ئەفسانانەیە کە سینە بە سینە تا سەدەمی ئێستا هاتووە و بە دەستی ئێمە گەیشتووە، هاوڕێی خۆشەویستم قاسم تاباک کۆی کردۆتەوە و لە تۆیی کتێبێک دا لە چاپی داوە، ئەو ئەفسانەیە خاوەن پێکهاتەیەکی گێرانەوەییە، بۆیە حەول دەدەین لەو وتارە دا لە ڕوانگەی پێکهاتەخوازی تۆدۆرۆفەوە باسی پێکهاتەی نەحوی دەقەکە بکەین و لە دڵی ئەو ڕادەی ئەو پەیرەفتانە دەربخەین کە بەرە بە بەرە چیرۆکەکەیان پێک هێناوە.

www.kurdishbookhouse.com

## ٢- گرینگایەتی تۆژینەوە:

لێکدانەوەی پێکهاتەی چیرۆک و دارِشت ناسی ئەو، تێپەڕین لە توێژەکانی سەرەوەی دەق و گەیشتن بە ژێرسازەکانی، گرینگیەکی زۆریان هەیە تا بتوانین نیشانی بدەین چیرۆکەکان ئەگەرچی لە دارِشت دا جیاوازن بەڵام خاوەن پێکهاتەی گێڕانەوەییەکی هاوبەشن تا بەو شێوەیە وێچوویی و جیاوازییەکانیان ڕوون بکرێتەوە و لە ژێر تیشکی ئەو ڕۆشەناییە بتوانین پێکهاتەبەندی دەقەکان وەڕوو بخەین. لێکدانەوەی پێکهاتەخوازی دەقە ئەدەبیەکان یەکێ لە باشترینی ئەو ئیمکانانەیە کە دەتوانین کەڵکی لێوەرگرین.

لێکدانەوەی بوتیقایی یانی لێکدانەوەی پێکهاتە ئەدەبییەکان لە چوارچێوەی باس و ئۆلگوو و پێوانە ئەدەبییەکان، بوتیقا ناتوانێ تەنیا تایبەت بە سەردەمی ئێستا بێت. دەبێ پێکهاتەکانی ڕابردوو و تایبەتمەندییەکانی ئەو پێکهاتانە بخرێنە ڕوو، و لە پەنا ئەو پێکهاتە وەڕووخراوانەی سەردەمی ئێستا دابنرێن و دواتر، بە بەرانبەر کردن لە گەڵ ئەدەبیاتی جهان بتوانین تێئۆریەکی تەواو درووست بکرێ، ئەو جۆرە لێکدانەوانە دەبێ بکرێنە پایە و ئەساسی خوێندن لە زانکۆکان. (براهانی،١٣٦٨:١٧) گرینگایەتی ئەو تۆژینەوەیانە دەخوازێ تا فۆڕمەکانی چیرۆکی کۆن و سەردەمی ئێستای کوردی بە بەرئاوردکاری لە گەڵ ئەدەبیاتی جهانی نیشان بدرێ، جۆری ئەو تۆژینەوەیانە دەردەخات ئایا چیرۆکی کوردی ئەو زەرفییەتانەی هەیە

www.kurdishbookhouse.com

بە پێی پێکهاتەخوازی هەڵسەنگێندرێ؟، ئەو وتارە لەو چوارچێوەیە بۆ وڵامی ئەو پرسیارە حەولی خۆی دەدات.

**٣- پێشینەی تۆژینەوە:**

پێشینەی ئەو جۆرە تۆژینەوەیانە لە جهان دا زۆر درێژ خایەن نییە ئەگەرچی هەموویان دەگەڕینەوە بۆ بوتیقای ئەرەستوو، بەڵام لە سەدەی بیستەم دا فۆرمالیستە ڕووسەکان یەکەم کەسانێک بوون کە لە ڕوانگەی زماناسیانەوە سرنجیان داوەتە فۆڕمی نووسراوەکان و دواتر پێکهاتەخوازەکانیش هەم گرینگیان داوە بە پێکهاتەی دەقەکان و هەمیش ناوەرۆکی دەقەکانیان لێکداوەتەوە، بەرهەمی ئەو لێکدانەوەیە کۆمەڵێک سرنجی نوێی لە ئەدەبیات دا بەرهەم هێناوە کە هەتا ئەورۆکە کەڵکی لێوەردەگیرێ، دواتر پاش پێکهاتەخوازەکانی وەک دریدا و فۆکۆ و قوتابخانەی فرانکفۆرتییەکان بە گرینگی دان بە داڕشتی زمان و توێژی زمانی و پێکهاتەی نەحوی ڕستەکان باسی لێکدانەوەی پەیقینیان هێنایە گۆڕەپانی نووسین، دوای ئەوەش زمانناسی ڕەخنەیی کەسانێکی وەک راجێر فاولێر و دواتر لێکدانەوەی پەیقینی ڕەخنەیی سەری هەڵدا، کەسانێکی وەک فێرکڵاف و لاکلائۆ و ... ، بە ڕوانگەیەکی زمانناسانە پێکهاتە و داڕشتی دەقەکانیان داوەتە بەر سرنج.

لە کوردی دا ئەوەی تا ئێستا سەبارەت بە ئەفسانەکان کراوە زیاتر گرد هێنانەوە و کۆ کردنەوەی ئەو ئەفسانانە بووە. ڕۆژهەڵات ناسانێک وەک ئۆسکارمان، م.ب. ڕۆدینکۆ، ئەبوویان ئەرمەنی، نیکیتین،

www.kurdishbookhouse.com

مینورسکی و هەر وەها ئەو کوردانەی وەک قەباتی کوردۆ، عەرەب شەمۆ، مەلا مەحموود بایەزیدی، باقی سەفاری هەورامانی، فاروق حەفید، گیو موکریانی، پیرەمێرد، عەلائەدین سەجادی،هاشم سەلیمی، هێمن، مەولوود ئیبراهیم حەسەن و هتد، بەڵام لەو نێوانە دا عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ روانگەیەکی گەلێک بایخداری سەبارەت بە ئەفسانە و ئۆستوورەکان هەیە ئەو پێیوایە ئەفسانە نموودی خێر و شەڕە، ئەو خێر و شەڕە لە چوارچێوەی مرۆڤ کە سەرچاوەی ڕوناکی و خێرە و لە هەمان کات دا دێو و شەیتان سەرچاوەی شەڕە نیشان دراوە(سلیمی،١٣٩٠:١٢). بەڵام وەک بەشی تیپ شناسی لە ئەفسانەکان و چیرۆکەکان دا دەتوانین ئاماژە بە شێوەی تیپ شناسی بکەین کە لە چەند یەک لە کۆکردنەوەکان دا ئەنجام دراوە لەوانە مەکتەبی فەنلاندییە، کە بە مەکتەبی تیپ ناسی جهانی " ئارنێ-تامپسۆن" ناسراوە، هەم کتێبی چیرۆک و ئەفسانەکانی رۆدینکۆ و هەم کتێبی چیرۆکی هاشم سەلیمی بە پێی ئەو تیپ ناسییە ڕێک خراوە، بەڵام لە دیتری کۆکراوەکان دا تەنیا کار لە سەر گردهێنانەوەکان کراوە. سەرجەم لەو شێوە وتارەی کە کار لە سەر گێڕانەوە ناسی بکات کەمە، بەڵام کتێبەکەی مەولود ئیبراهیم حەسەن کە هاشم سەلیمی باسی دەکات بەڵام بە داخەوە من وەدەستم نەکەوت لەو بەشەش کاری کردووە. یەکێکی‌تر لەو وتارانە لێکدانەوەی گێرانەوەیی شێعری هەڵۆی سوارەیە لە لایەن جەعفەری قارەمانی و لە ڕوانگەی پێکهاتەخوازی گێرماسەوە دەقەکەی لێکداوەتەوە بەرهەمی ئەو تۆژینەوەیە کارێکی بە پێزە. بەڵام تا ئەو

www.kurdishbookhouse.com

جێیەی نووسەری ئەو وتارە ئاگادارە لە سەر ئەفسانەی شازادە ئیبراهیم هیچ کارێکی پێکاتەخوازانە ئەنجام نەدراوە و ئەوە یەکەمین بابەتی تۆژینەوە دەبێت لە سەر ئەو ئەفسانەیە.

**٤- شێوازی تۆژینەوە:**

شێوازی تۆژینەوە لەو وتارە دا لە سەر ئەساسی ڕوانگەی تۆدۆرۆفەوەیە، لێرە پێویستە شێوازی لێکدانەوەی پێکهاتەخوازی تۆدۆرۆف بۆ پێکهاتەی گێرانەوە باس بکرێ تا بونیانە نەزەرییەکان و شێوازی لێکدانەوە لەو ئەفسانەیە دا ڕوون بکرێتەوە.

بەڵام بەر لەو واباشە باسی فۆڕمە بەربڵاوەکانی(بسیط) ئاندرێ یوڵس بکەین، یوڵس پێیوایە تەواوی گێڕانەوەکان لە دە فۆڕمی گێرانەوەیی پێک دێن:

**١. ئەفسانە**

**٢. ساگا**

**٣. ئۆستوورە**

**٤. مەتەڵ(معما)**

**٥. زەربولمەسەل**

**٦. نموونە(مثال)**

www.kurdishbookhouse.com

**٧. بیرەوەری**

**٨. حەکایەت**

**٩. نەقڵ و نەزیرە**

**١٠. چیرۆک (قصە)**

هەڵبەت دەکرێ ئەو فۆڕمانە زیاتریش بن و تا ڕادەی ١١ تا ١٢ فۆڕم لە هەر فەرهەنگێک زیاد بکرێن، بۆ نموونە لە کوردی دا ئێمە بەیت، حەیران، لاوک و بەندمان هەیە کە دەکرێ لەو فۆڕمانەی یولس زیاد بکرێن. ئەو جیاکارییەی یولس ڕەهەندەکانی گێڕانەوەی دیاری کرد لە چوارچێوەی فۆڕمە جیاوازەکان دا و بەو شێوەیە فۆڕمەکانی گێڕانەوە دیاری کران.

لێکدانەوەی پێکهاتەی چیرۆک بۆ یەکەم جار بە کاری پڕاپەوە دەستی پێکرد لە کتێبی "دارِشت ناسی چیرۆکی پەرییەکانی" ڕووسی. پڕاپ بە لێکدانەوەی پێکهاتەی زیاتر لە ١٠٠ چیرۆکی پەرییەکان ٣١ کارکردی کەسایەتییەکانی دیاری کرد کە بەردەوام پاتە دەبوونەوە، ئەگەرچی کەسایەتییەکان دەگۆڕدران بەڵام کارکرد و ڕۆڵی ئەو کەسایەتییانە لە چیرۆکەکان دا هەر بە یەک شێوە بوو، ئەو کارە ئیزنی دا تا پراپ پێکهاتەیەک بۆ چیرۆک قایل بێت. کاری پڕاپ گرینگیەکی زۆری بوو بۆ لێکدانەوەی پێکهاتەیی چیروک و گێڕانەوە. " پراپ بە کەڵک وەرگرتن لە دارِشت ناسی گیا کە ساز و کاری گیا دەتوێژێتەوە، دەست

www.kurdishbookhouse.com

دەکات بە لێکدانەوەی شێواز و دەردانی قەواعیدی پێکهاتەیی چیرۆکەکان، لە سەر ئەساسی ئەو لێکدانەوەیە هەر ئەو جۆرەی کە دەکرێ نموی زمان لە ڕێگەی گرامێری زمانەوە باس بکرێت. لە ڕێگەی ناسینی گرامێری چیرۆکەوە دەتوانی پێکهاتەی جیاوازی دەق و لایەنەکانی دەر بخرێن. ئەو شێوازە چیرۆکێک نە لە سەر بونیانی کەسایەتییەکان بەڵکە لە سەر ئەساسی کردەی کەسایەتییەکان و چۆنییەتی پێوەندیی بەرابەری ئەوان(قارەمان و دژە قارەمان) و چۆنیەتی کردارەکانیان(بەرخۆدان، سەرکەوتن، هەڵاتن، گەڕانەوە بۆ وڵات و ...) و پاتە بوونەوەی کردەکان و وێنەکان لێکدەدرێنەوە."(فلکی،١٣٨٢:٢٨)

یەکەم کەس کە کارەکەی خۆی بە گێڕانەوەناسی چیرۆک پێناسە کرد تێزۆتان تۆدۆرۆف بوو، ئەو لە دەستووری زمانی دێکامێرۆن(١٩٦٩) نەزەرییەی خۆی لە سەر بنەمای زمانناسی بونیاد دەنێ(مکاریک، ١٥١:١٣٨٤) هەر وەک لە شێووازی پێکهاتەخوازی دا باوە ئەو بە چکۆلەترین یەکەی گێرانەوە دەست پێدەکات. تۆدۆرۆف سێ یەکەی گوزارە، پەیڕەفت و دەق دیاری دەکات، لە ڕوانگەی ئەووەوە چکۆلەترین یەکەی گێرانەوە گوزارەیە، هەر گوزارەیەک بە دوو شێوەیە: ئەلف- گوزارەی تەوسیفی کە لە کەسایەتی و وەسفەوە پێک دێت: ئەلف شەڕانییە، ب- گوزارەی کاری کە لە پێوەندی کەسایەتی و کردەوە پێک دێت: ئەلف بێ دەکووژێ.(یانسن، ١٣٦٨:١٣٧٨ نەقل لە راضیە آزاد) گوزارەی دەستپێک لە ڕوانگەی تۆدۆرۆفەوە خاوەن دۆخێکی هاوسەنگ و جێگیرە بۆیە هەمیشە یەک پەیڕەفت لە پێنج



www.kurdishbookhouse.com

گوزارە پێک دێت هێزێک ئەو دۆخە یەکانگیر و هاوسەنگە دەشێوێنێ بە هۆی ئەو شێواندنەوە دۆخێکی ناجێگیر و ناهاوسەنگ دێتە ئاراوە دواتر هێزێکی دیکە لە دژی هێزی سەرەتایی حەولی سازکردنەوەی جێگیری و هاوسەنگی دەداتەوە و بەو شێوەیە جێگیریەکی‌تر پێک دێت کە بەرابەری جێگیری سەرەتاییە بەڵام دەقیق وەک ئەو نییە(تۆدۆرۆف، ٩١:١٣٨٢) گێڕانەوە هەمیشە لە دۆخێکەوە دەگوازرێتەوە بۆ دۆخێکی تر، لە بەردەوامی گێڕانەوە دا هەمیشە دۆخێکی یەکانگیر تووشی شێواندن دەبێت و لە کۆتایی دا هێزەکان دۆخێکی هاوسەنگی تر حاکم دەکەنەوە.

لە چیرۆک دا هەمیشە پەیڕەفتەکان تێکەڵ دەبن ئەو تێکەڵبوونەشە کە ڕێگە بە بەردەوامی گێڕانەوە دەدات تا بەو شێوەیە چیرۆک درێژەی هەبێ، بەدرێژە دانی گێڕانەوە دەق ساز دەبێت. لە ڕوانگەی تۆدۆرۆفەوە هەر چیرۆکێک لانی کەم خاوەنی یەک پەیڕەفتە بەڵام لەوانەشە چەندین پەیڕەفت تێکەڵ بن بۆ ئەوەی چیرۆکێک ساز بێت.(اسکولز،١٦١:١٣٨٣)

www.kurdishbookhouse.com

ئەگەر بمانهەوێ یەک پەیڕەفت بە شێوەی نمودار نیشان بدەین ئاوایی لێدێت: هێلێک لە چەپەوە بۆ لای ڕاست دەست پێدەکات بەڵام لە نێوانی ڕێگەدا دەشکێ و دواتر وەک خۆی لێدێتەوە:




( شکلی ژمارە ١ )

١- **هاوسەنگی سەرەتایی:** دۆخێکی جێگیرە کە چیرۆک لە ئەوێوە دەست پێدەکات، نیشاندەری ژیانی ئاسایی قارەمان یا کەسایەتی سەرەکی گێڕانەوەیە.

٢- **هۆکاری تێکدەر:** هێزێکە کە دۆخی هاوسەنگ و جێگیری سەرەتایی دەشێوێنێت و تێکی دەدات، بەو شێوەیە ژیانی قارەمان تووشی شێواوی دێت، ئەوەش دەکرێ هەر شتێک بێت وەک: بیرێک، کردەیەک، ڕووداوێک یا ... .

٣- **ناهاوسەنگی یا دۆخی تێپەڕ:** دۆخێکی نوێیە کە بە هۆکاری هێزی تێکدەرەوە دێتە ئاراوە کە دەبێتە هۆی تێکدانی bارودۆخی ئاسایی ژیانی قارەمان یا کەسایەتی چیرۆک و قارەمان حەول دەدات چارەسەری ئەو دۆخە بکات و هاوسەنگیەکە بگەڕێنێتەوە و لەو شێواویە رزگاری بکات.

٤- **هۆکاری سازندە و پێکهێنەر:** هێزێکە لە دژی هێزی تێکدەر دەجوڵێتەوە تا بەو شێوەیە دۆخی ناجێگیر بگەڕێتەوە بۆ دۆخی ئاسایی ژیانی قارەمان. ئەو هێزە هەر شتێک دەتوانێ ببێت: وەک: کەسێک، شتێک، بیرێک، کردەیەک یا ڕووداوێک.

٥- **هاوسەنگی کۆتایی:** جێگیریی و هاوسەنگییەکە کە جارێکی دیکە دوای حەول و تێکۆشانی قارەمان بۆ سامان دانی ئەو دۆخە ناجێگیرە پێکدێتەوە ئەوە وەک هاوسەنگی و جێگیری سەرەتایی وایە بەڵام لە گەڵ ئەو یەک نییە.

تۆدۆرۆف بەوە دەگات کە هەر گێڕانەوەیەک لە دوو بەش پێک دێت، یەکەم دۆخێکە کە بارودۆخی سەرەتایی و بارودۆخی هاوسەنگی یەکانگیرکراویی کۆتایی باس دەکات کە لە کۆتایی گێڕانەوە دا پێک دێتەوە، دووهەم ئەو بەشە تێپەڕە دەگرێتە خۆی کە بارودۆخی سەرەتایی دەشێوێنێت و دۆخێکی ناجێگیر دێنێتە ئاراوە.

لە بەشی یەکەم دا بارودۆخی ئاسایی و هاوسەنگی سەرەتایی باس دەکرێ کە دواتر لە کۆتایی گێڕانەوە دا سەر لەنوێ ئەو هاوسەنگییە وەدەست دێتەوە. تایبەتمەندی ئەو دۆخانە ئەوەیە کە ڕاوەستاو و پاتەبووەن، بەو واتایە کە ڕووداوەکانی پاتەبوووە بە شێوەیەکی لە بڕان نەهاتوو بەرهەم دێنەوە و پاتە دەبنەوە. لە بەشی دووهەم دا کاتێک کە گێڕانەوە لەو دۆخە جێگیر و هاوسەنگە دەترازێ و دەچێتە دۆخێکی ناجێگیر و ناپابەرجا کە نیشانەی دەرچوونە لە دۆخی جێگیری سەرەتایی و جوڵە کردنە بەرەو دۆخی جێگیری کۆتایی.

www.kurdishbookhouse.com

بەشی دووهەم هەمیشە دۆخێکی پڕ جوڵە و ژیوەرە و هیچ ڕووداوێک زیاتر لە جارێک ڕوو نادات.(آزاد، ١٣٨٨)

هەر پەیڕەفتی چیرۆکێک لەو پێنج دۆخە کە بە شێوەی پێنج گوزارەی گێڕانەوەیی بەرهەم دێن پێک دێت. بەڵام ئەو پەیڕەفتانە بە سێ جۆر لە نێو دەقی چیرۆک دا ڕوو دەدەن کە دەبنە هۆی ئەوەی گێڕانەوە درێژەی هەبێت:

١- **نێوەندگیری(درونەگیری):** لە نێوەندگیری دا یەک یا چەند پەیڕەفت دەبن بە یەک گوزارەی پەیڕەفتی سەرەتایی وەک ئەوەی چیرۆکێک لە نێو چیرۆکێکی تر دا ڕووی دابێت تا بەو شێوەیە ئەو یەک یا چەند پەیڕەفتە کارکردی ئەو گوزارەیە وەئەستۆ بگرن کە تێیدا ڕوویان داوە، بە جۆرێک کە پەیڕەفتێک تەواو دەچێتە دڵی پەیڕەفتی سەرەتاوە و جێگرەوەی یەکێک لە گوزارەکان دەبێت. بۆ نمونە گوزارەی یەک و دوو و سێ باس دەکرێ و گوزارەی چوار خۆی دەبێت بە پەیڕەفتێکی دیکە لە نێو ئەو پەیڕەفتە دا و دوایە گوزارەی پێنجەمی پەیڕەفت باس دەکرێ.

٢- **زنجیرە سازی:** لە زنجیرەسازی دا پەیڕەفتەکان وەک حەڵقەی زنجیرێک لێک دەتەنرێن و بە دوای یەکتری دادێن، هەر پەیڕەفتێک پێنج گوزارەکەی خۆی تەواو دەکات و دواتر پەیڕەفتێکی دیکە دەست پێدەکات لێرەدا گێڕانەوە وەک باس کردنی کۆمەڵ چیرۆکێک وایە لە نێو دڵی دەقی چیرۆکی سەرەتایی.

www.kurdishbookhouse.com

٣- **نۆرەیی:** لەو شێوەیە دا گوزاری پەیڕەفتەکان تێکدەتەنرێن بە جۆرێک کە گوزارەیەک لە یەک پەیڕەفت دێت و دوایە گوزارەیەک لە پەیڕەفتێکی دیکە باس دەکرێ، گوزارەی هەر پەیڕەفتێک بە نۆرەی خۆی لە گەڵ گوزارەی پەیڕەفتێکی دیکە دێت.(تودوروف، ١٣٨٢: ٩٣ و ٩٤)

**٥- کورتەیەک لە چیرۆکی شازادە ئیبراهیم :**

سوڵتانی ئەستەمبوڵێ منداڵی نەدەبوو چوو بۆ حەج، لە ڕێگە دا عابیدێک دوو سێوەی دەداتێیە بۆ ئەوەی یەکیان خۆی و خێزانی و ئەوەی تریان بەهمەنی وەزیر و خێزانی بیخوات، بەو شێوەیە دەبنە خاوەنی دوو کوڕ بە نێوی شازادە ئیبراهیم و خان محەمەد، کوڕەکان گەورە دەبن و دەنێردرێنە بەر خوێندنێ لە ژێر زەمینێک کە چل میتر لە ژێر زەوییە، دواتر کوڕەکان لە خویندن تەواو دەبن و ساز دەبن بۆ ڕاو، لە نێو چزرگە و باغێک دا شازادە دەبینێ کە عابیدێک دەگری و پۆرترەیەکی بەدەستەوە، شازادە دەیبینێت و بێهۆش دەبێ و دەگەڕێنەوە و داوا لە سوڵتان دەکات خاوەنی ئەو پۆرترەیە کە کچی پاشای دەمیشقێیە بۆی بخوازێ. شازادە و خان محەمەد دەیانهەوێ بچن بۆ دەمیشقێ، بابی و بەهمەنی وەزیر لەشکرێکیان لە گەڵ دەخەن و دەستوور دەدەن لەشکر هەر شەوەی بەشێکیان بگەڕێتەوە تا لەو چوونە پەژیوان ببنەوە، لەشکر هەموو دەگەڕێتەوە بەڵام ئەوان ناگەڕێنەوە تا بەو شێوەیە دەگەنە دمیشقێ و هاوڕێیەکیان ڕەگەڵ

www.kurdishbookhouse.com

دەکەوێ دوای ئەوەی کەشتییەکەیان لە بەحری عومانی نوقم دەبێت، حامیدی مەلا کە مامی موڵک و تەختی لێ داگیر کردووە. لە دمیشقێ ماڵێک دەگرن و دەچنە قەراری نۆشافەرین. دوای ئەوەی لە گەڵ نۆشافەرین ئاشنا دەبن و خۆ بە یەکتری دەناسێنن هاتۆچووی کۆشکی نۆشافەرین دەکەن عاشقانی نۆشافەرین دەکەونە حەولی کووشتنی شازادە و هاوڕێکانی بەو جۆرە بشێوی لە شار پەیدا دەبێت و داوادەکەن پاشای دەمیشقێ کچەکەی بە شوو بدات، پاشا سێویکی پێدەدات دەڵێ لە هەر کەسی بدات نۆشافەرینی لێ مارە دەکەم. لە ڕۆژی کۆبوونەوەی عاشقان دا نۆشافەرین لە لایەن دێوانەوە دەدزرێت و دەیبەنە کێوی قافێ. شازادە لە لایەن تووتی عابیدێکەوە هەڵدەبژێرێت و کتێبێکیشی پێدەدات و ئەویش لە گەڵ هاوڕێیەکانی دەڕۆن بۆ قاف، لە ڕێگە دا سیمرغ نەجات دەدەن کە بە تیر پێکراوە و مەلحەم لە سەر برینی دادەنێن و سیمرغ دەیانباتە هێلانەی خۆی لەوێ شازادە هەژدیهای دەریا دەکوژێ و جوچکەکانی سیمرغ دەپارێزێ و سیمرغ هەر ڕۆژەی دەیباتە بەر بارەگەی دێوێک و شازادەش لە گەڵ دێوەکان شەڕ دەکات و لە ئاکام دا هەموویان دەکوژێ و لە کێوی قاف بە یارمەتی کتێب هەر چل پلەکە تێدەپەڕینێ و تلیسمەکان پووچەڵ دەکاتەوە و نۆشافەرین و کچی شای پەریان ڕزگار دەکات و دەگەڕێنەوە، لە ڕێگە دا لە لایەن ئەمیری سەلیم دەرماندراو دەکرێت و شای پەریان لە وڵاتی خۆی چاکی دەکاتەوە و لە ڕێی گەڕانەوە دا لە گەڵ لەشکری ئەلیاسی عاشق بە شەڕ دێن و دواتر ئەلیاس بڕیار دەدات بچێتە ژێر چەتری شازادە بەو

www.kurdishbookhouse.com

شێوەیە شازادە نۆشافەرینی دێنێ و هەمووی عاشقانیش هەر کام بە مرادی خۆیان دەگەن، خوشکیشی دەدات بە ئەلیاس و تەخت و موڵکی حامیدی مەلاش لە مامی دەستێنێتەوە.

**٦- تۆژینەوەی شێوازی گێڕانەوەی نەحوی شازادە ئیبراهیم لە سەر ئەساسی ڕوانگەی تۆدۆرۆفەوە :**

هەر وەک باسمان کرد تۆدۆرۆف پێیوایە هەر گێڕانەوەیەک لانیکەم لە یەک پەیڕەفت تا چەندین پەیڕەفت ساز دەبێت، چیرۆکی ئەفسانەی شازادە ئیبراهیم لە ٤٩ پەیڕەفت پێک هاتووە، کە سێ جۆری زنجیرەیی و دەروونەگیری و نۆرەیی لە خۆ دەگرێت.

بەر لەوەی باسی پێکهاتەی پەیڕەفتەکانی و شێوەی لێکتەندرانیان بکەم وا باشە ئاماژەیەک بە پێکهاتەی ئەفسانەیی چیرۆکەکە بکەم تا بزانین ئەو دەقە چۆن لە ئیمکانەکانی ئەفسانە کەڵک وەردەگرێ تا گێڕانەوەیەکی ئەفسووناوی بخوڵقێنێت.

لەو چیرۆکە دا لە ئەمرازگەلێک کەڵک وەرگیراوە کە هاتنیان لە نێو دەقەکان دا ئەفسووناویان دەکات، وەک دوو سێوی بەهەشتی کە دەبنە هۆی بەروبووی مرۆڤ و منداڵێک کە بەو شێوەیە لە دایک دەبێ خاوەن هێزێکی لە ڕادەبەدەرە ئەو هێزە هۆکارێکە بۆ ئەوەی ئەو دوو کوڕە بچنە شەڕی چەندین هەزار پاڵەوان و شەڕکەر تا لە ئاکام دا سەرکەون، هەڵگرتنی نۆشافەرین بە فیل و باڵی دێوان، شەڕی شازادە لە گەڵ دێوەکان و کووشتنی هەموویان بە هێزی ئەوپەڕی،

www.kurdishbookhouse.com

هاتنی سیمرغ و هەژدیها، کێوی قاف، چل پلەکە و پووچەڵ کردنی تەلیسم، باسی پەرییەکان و شای پەریان و کچی پەریان کە هاوکات لە گەڵ نۆشافەرین شازادە ئیبراهیم رزگاری دەکات. بەو شێوەیە گێڕانەوە لە ئیمکانەکانی ئەفسانە کەڵک وەردەگرێ تا بنەما و بناغەی گێڕانەوەکەی پێ ساز بکات.

هەر کام لەو چیرۆکانەی لە نێو ئەو دەقە دان خۆیان دەتوانن چیرۆکێکی سەربەخۆ بن کە هەر چیرۆکەی لە چەندین پەیڕەفت پێکهاتوون بۆیە زیاتری پەیڕەفتەکانی ئەو دەقە بە شێوەی زنجیرەیی پێکەوە لکاون و کۆی دەقەکەیان بەرهەم هێناوە.

چیرۆکی شازادە ئیبراهیم بە سەفەری سووڵتانی ئیستەمبوڵی بابیەوە دەست پێدەکات تا بچێتە حەج و لەوێ لە خودا بپاڕێتەوە بۆ ئەوەی عەولادێکی بداتێ لە ڕێگەدا عابید دوو سێوی دەداتێ و دەگەڕێتەوە، دواتر سەفەری شازادە ئیبراهیم دەست پێدەکات بۆ ئەوەی بە نۆشافەرینێ بگات و بەو جۆرە بە وەسڵی شاد بێت و بیخوازێت. بنەمای زۆربەی ئەفسانەکان لە سەفەرەوە دەست پێدەکات و سەفەرەکان زیاتر بە دوو شێوەن، سەفەر لە جهانی زەین و ئەو پەڕسرووشت و سەفەر لە جهانی ڕاستەقینە. هەمیشە سەفەری قارەمان بە شێوەیەک دەست پێدەکات کە یا شتێکی لێ ئەستێندراوە یا وا هەست دەکات کە کەسێک یا شتێک لە ژیانی ئەو دا کەمە و پێویستە ئەو بۆشاییە بە دوور بوونەوە لە وڵات و زێدی خۆی و وەدەست هێنانی پڕ بکرێتەوە، بۆیە قارەمان حەولی گەڕان و



www.kurdishbookhouse.com

ئەنجامی کاری سەرسووڕهێنەر دەدات تا ئەوەی لە دەستی داوە بیگەڕێنێتەوە یا ئەو شتەی بۆ وەدەست هێنانی لە ماڵ دەرکەوتووە وەدەستی بێنێ و بگەڕێتەوە، سەفەر هەمیشە لە چوون و گەڕانەوەیەک دا ڕوو دەدات(کمبل، ۱۳۸۰:۱۹۰)

زۆر کات لەو سەفەرانە دایە قارەمان بە بلوغ دەگات و باشتر جهان فام دەکات لەو چیرۆکەش دا سەفەر لە شاری ئیستەمبوڵەوە بەرەو شاری دەمیشق کە نۆشافەرینی خاوەنی پۆرترە لەوێیە ئەنجام دەدرێت، لەو بەینە دا ڕووداوگەلێک ڕوودەدەن تا بە شێوەیەک پەیرەفتەکان وەدوایەخستن و مەودا دانان بن بۆ ئەوەی پێگەینی شازادە بە نۆشافەرینێ دوا بخەن. دوای ئەوەی لە سەر ئەفسانەکان و قارەمانی چیرۆکی ئەفسانەکان و شێوەی سەفەر و لە وڵات دوور کەوتنەوەیان باس کرا نۆرەی لێکدانەوەی گێڕانەوەناسانەی پێکهاتەخوازی تۆدۆرۆفە لە سەر دەقی ئەو چیڕۆکە.

پەیرەفتی یەکەمی ئەو چیرۆکە بە شێوەی نێوەندگیریە، بە واتایەک لە جێی گوزارەی سێهەمی ئەو پەیرەفتە، پەیرەفتی دوو و سێ جێگەیان گرتووە؛ بەڵام با گوزارەکانی پەێرەفتی یەکەم نیشان بدەین و بزانین چۆن پەیرەفتی دوو و سێ دەبن بە گوزارەی سێهەمی ئەو پەیرەفتە.

١- **هاوسەنگی و دۆخی جێگیری سەرەتایی:** سوڵتانی ئەستەمبوڵێ لە بارەگای خۆی دانیشتبوو.



www.kurdishbookhouse.com

٢- **هۆکاری تێکدەر:** خەمی نەبوونی عەولاد.

٣- **دۆخی ناهاوسەنگ و ناجێگیر:** پەیڕەفتی ٢ و ٣

٤- **هۆکاری سازندە و پێکهێنەر:** خواردنی دوو سێو لە لایەن سوڵتان و وەزیر لە گەڵ ژنەکانیان.

٥- **هاوسەنگی و دۆخی جێگیری کۆتایی:** حامیلە بوونی ژنی سوڵتان و وەزیر.

بەڵام دوو پەیڕەفتی دوو و سێ کە لە جێی گوزارەی ٣ پەیڕەفتی یەکەمن چۆن لە نێو پەیڕەفتی یەکم دا جێگیر بوون:

**پەیڕەفتی دوو:**

١- چەند نجوومدارێک کە لەو مەملەکەتە بوون.

٢- کۆکردنەوەیان بۆ سەیری نجووم.

٣- هیچ پێ نەکرانیان دوای چل ڕۆژ.

٤- بە فریا گەیشتنی پیری بە ئیختیار و پێشنیاری چوونە حەج بۆ پاڕانەوە لە خودا بۆ پێدانی عەولاد.

٥- وەڕێ کەوتنی سوڵتان بۆ حەج.

www.kurdishbookhouse.com

**پەیڕەفتی سێ:**

١- سوڵتان هەر وا کە دەڕۆیشت.

٢- تووشی چزرگە بوون و نەزانینی چ کردن .

٣- مانەوە تا بەیانی و دیتنی عابید و پرس و سوئال.

٤- پێشنیاری نەچوونە حەج و پێدانی دوو سێو لە لایەن عابیدەوە.

٥- گەڕانەوەی سوڵتان بۆ مەملەکەتی خۆی.

**ئەگەر ئەو سێ پەیڕەفتە لە نموداریک دا نیشان بدەین بەو شێوەیەی لێ دێت:**




(شکلی ژمارە ٢ )

لە پەیڕەفتی ٤ ەوە تا هەتا پەیڕەفتی ١٨ بە شێوەی زنجیرەیی پەیڕەفتەکان بە دوای یەکتری دا هاتوون بەڵام پەیڕەفتی ١٩ دەهەم بە شێوەی نێوەندگیرییە

کە پەیڕەفتەکانی ٢١ هەتا ٣٩ لە جێی گوزارەی چوارەمی پەیڕەفتی ١٩ دەهەمن بەڵام دیسان پەیڕەفتی ٣٣ بە شێوەی نێوەندگیرییە و پەیڕەفتی ٣٤ تا ٣٩ لە جێی گوزارەی سێهەمی پەیڕەفتی ٣٣ێن، بەو شێوەیەی خوارەوە:

**پەیڕەفتی ١٩:**

١- سازانی نێوان نۆشافەرین و شازادە بۆ ئەوەی سێوی پێدادات تا شای دەمیشق بیدات بە شازادەی.
٢- بردنی نۆشافەرین لە لایەن زەیلەمەی دێو و ئاڵقەمەی دێو.

٣- لە دەست دانی نۆشافەرین.

٤- پەیڕەفتەکانی ٢١، ٢٢، ٢٣، ٢٤، ٢٥، ٢٦، ٢٧، ٢٨، ٢٩، ٣٠، ٣١، ٣٢، ٣٣ (٣٤، ٣٥، ٣٦، ٣٧، ٣٩).

٥- رزگار کردنی نۆشافەرین و گەڕانەوە لە قاف.

گوزارەی چوارەم لە ئامادە بوونی شازادە ئیبراهیم بۆ چوونە قاف و سەفەر بەرەو قاف و کووشتنی دێوان و سەرکەوتنی لە چل پلەی قاف لە خۆ دەگرێت کە پەیڕەفتەکانی ٢١ هەتا ٣٩ باسی حەولەکان دەکەن بۆ تێپەڕاندنی ئەو دۆخە.

www.kurdishbookhouse.com

ئەگەر ئەوە بە شێوەی نموداریک نیشان بدەین ئاوای لێ دێت:



شکلی ژمارە ٣

بەڵام پەیڕەفتی ١٩ و ٢٠ بە شێوەی نۆرەیی گوزارەکانیان تێکەڵ بە یەک کراوە کە شێوەی تێکەڵ بوونی گوزارەکان لە خوارەوە دەخەینە ڕوو:

- **گوزارەی یەک پەیڕەفتی ١٩:** سازانی نێوان نۆشافەرین و شازادە بۆ ئەوەی سێوی پێدادات تا شای دەمیشق بیدات بە شازادەی.

- **گوزارەی یەک پەیڕەفتی ٢٠:** ڕاوەستانی عاشقان لە بەر دەرگای کۆشکی نۆشافەرینی و ڕاوەستانی نۆشافەرین لە سەر باڵاخانەکە.

- **گوزارەی دووهەم و هاوبەشی پەیڕەفتی ١٩ و ٢٠:** بردنی نۆشافەرین لە لایەن زەیلەمەی دێو و ئاڵقەمەی دێو.

- **گوزارەی ٣ پەیڕەفتی ١٩:** خۆ ئامادە کردنی شازادە ئیبراهیم بۆ چوونە قاف و ڕزگار کردنی نۆشافەرین.

- **گوزارەی ٣ پەیڕەفتی ٢٠:**چوونە لای عابید و پێشنیاری ئەوەی تووتی لە لای هەر کەسێک بخوێنێ ئەو ڕاسپاردەی سەفەری قاف بکرێ.

- **گوزارەی ٤ پەیڕەفتی ٢٠:** خوێندنی تووتی لە لای شازادە.

- **گوزارەی ٥ پەیڕەفتی ٢٠:** بڵاوەی مەجلیس و چوونی شازادە بۆ ماڵە پاشای دمیشقێ.

- **گوزارەی ٤ پەیڕەفتی ١٩:** حەول بۆ ڕزگار کردنی نۆشافەرین لە لایەن شازادەوە.

- **گوزارەی ٥ پەیڕەفتی ١٩:** ڕزگار کردنی نۆشافەرین و گەڕانەوە لە قاف.

بەو جۆرە گوزارەکانی پەیڕەفتی **١٩** و **٢٠** بە شێوەی نۆرەیی چوون لە پاڵ یەکەوە لە کاتێک دا گوزارەی دووهەمی هەردوو پەیڕەفت هاوبەشە، بەڵام سەرەتا گوزارەی یەکی پەیڕەفتی **١٩** دێت جا دوایە گوزارەی یەکەمی پەیڕەفتی **٢٠**، دواتر گوزارەی سێهەمی پەیڕەفتی **١٩**

www.kurdishbookhouse.com

دێت و دواتر گوزارەی سێهەمی پەیڕەفتی **٢٠**، دوای ئەوە دوو گوزارەی **٤** ، **٥** ی پەیڕەفتی **٢٠** دێن و دواتر دوو گوزارەی **٤** و **٥** ی پەیڕەفتی **١٩**، ئەو بەشە لە چیرۆکەکە خەیاڵاویترین بەشی چیرۆک ئەژمار دەکرێ، ئەوەش لە تێکەڵ کردنی ئەو دوو پەیڕەفتە بە دەست هاتووە دوو گوزارەی دووهەم و سێهەمی پەیڕفتی **١٩** و چوار گوزارەی سەرەتایی پەیڕەفتی **٢٠** فەزایەکی پڕ ئێسترێس و دڵەڕاوکە نیشان دەدەن، بە شێوەیەک کە نۆشافەرین نیگەرانی ئەوەیە ئایا ئەو سێوەی کە دەیهاوێ شازادە دەتوانێ بیگرێتەوە؟، شازادە نیگەرانی ئەوەیە ئایا ئەو سێوەی پێدەگات و لە شوێنێکی گونجاو ڕاوەستاوە؟ عاشقان هەموو چاوڕێن ئایا نۆشافەرین ئەو سێوەی بە کێ دادەدات؟ دوای بردنی نۆشافەرین لە لایەن دێوانەوە ئایا کێ دەچێ ڕزگاری دەکات؟ ئایا کێ لە نێو هەموو عاشقان دا ئەو سەلاحیەتەی هەیە بچێ نۆشافەرین رزگار بکات؟ ئایا تووتی عابید لە لای کێ دەخوێنێ و کێ ئامادەی ڕۆیشتنی ئەو سەفەرە دەبێ؟ ئەو کۆمەڵە پرسیارە لایەنی دڵەڕاوکێ و پڕ ئێسترێس بوونی ئەو بەشە لە چیرۆکەکە نیشان دەدەن .

لە پەیڕەفتی ٤٠ تا ٤٩ هەموویان بە شێوەیی زنجیری دێن و چیرۆکەکە بە کۆتایی دەگات. بەڵام با گوزارەکانی پەیڕەفتی کۆتایی(٤٩) باس بکەین:

**١- درووست کردنی ٧٠٠ پاپۆڕ بۆ سەر دەریای عۆمانێ.**

**٢- بڕیاری گەڕانەوەی شازادە بۆ وڵاتی ئێستەمبوڵێ.**

www.kurdishbookhouse.com

**٣ـ هاوڕێ بوونی ئەلیاس و هەموو عاشقان لەو سەفەرە دا.**

**٤- مارەکردنی خوشکی خۆی(شازادە ئیبراهیم) لە ئەلیاس و خوشکی عاشقان لە یەکتری.**

**٥- بە ئەنجام گەیشتنی دڵی هەمووی عاشقان.**



شکڵی ژمارە ٤

شکڵی ژمارە ٤ نیشان دەدات کە کۆی پەیڕەفتەکانی ئەو چیرۆکە چۆن گێڕانەوەکەیان پێکهێناوە، چیرۆکێک کە بنەماکەی لە سەر ئەفسانە ساغ بۆتەوە. لایەنی ئەفسانەیی دەقەکە فەزا و دۆخێکی خەیاڵی زۆر بە هێزی لێ ساز کردووە، بگێڕەوە بە هێنانی ئەو چەند لایەنە (دێو، پەری، کێوی قاف، هەژدیها، سیمرغ و هێزی ئەفسانەیی قارەمان و هاوڕێکانی) گێڕانەوەی ئەفسانەیی بە پێویست دەزانێ و لەو دەقە دا کەڵکی لێ وەرگرتووە.

## ٧ -ئەنجام:

دوای لێکدانەوەی پێکهاتەی نەحوی گێڕانەوەی ئەفسانە شازادە ئیبراهیم دەرکەوت دارِشتی ئەو ئەفسانەیە بە چ شێوەیەکە کە بۆتە هۆی ئەوەی ڕەوایەتەکە چیرۆکێک ساز بکات، شێوەی پەیوەندی پەیرِەفتەکان وەدەری دەخات لە نێو ئەو چیرۆکە دا چەندین چیرۆک هەن کە دەکرا بە شێوەیەکی جیاواز هەرکامەیان بۆ خۆیان چیرۆکێکی سەربەخۆ بن.

لەو چیرۆکە دا ٤٩ پەیرِەفت هەن کە بە هەر سێ جۆری نێوەندگیری و نۆرەیی و زنجیری پێکەوە لکاون، زیاتری پەیرِەفتەکان بە شێوەی زنجیری بە دوای یەکتری دا دێن بەڵام لە سێ پەیرِەفت دا نێوەندگیری هەیە، کە پەیرەفتی ژمارە ١ و **١٩** و ٣٣ لە خۆ دەگرێ، لە نێوان پەیرِەفتی **١٩** ، **٢٠** نۆرەگیرییە. بە کەڵک وەرگرتن لە شکڵەکان و هەوراتر نیشاندانی گوزارەی چەندین پەیرِەفت بونیادەکانی نەزەرییەی تۆدۆرۆفمان لە سەر دەقی ئەو چیرۆکە باس کرد.

بنەمای ئەو چیرۆکە لە دوو سەفەر دەست پێدەکات سەفەری سوڵتانی ئەستەنبوڵی بۆ داوا کردنی منداڵ لە خودا و سەفەری شازادە ئیبراهیم لە گەڵ خان محەمەدی هاورِێی بۆ وەدەست هێنانی نۆشافەرینێ.

سەفەر بناغەی ئەو گێرِانەوەیە کە بۆ وەدەست هێنان شتێکە کە قارەمان زێد و وڵاتی خۆی جێ دێڵێت تا دوای وەدەست هێنانی ئەو

www.kurdishbookhouse.com

شتەی بۆی ڕۆیشتووە قارەمانانە و سەرکەوتوانە بگەڕێتەوە وڵاتی خۆی.

لێرەدا شازادە ئیبراهیم ئەو قارەمانەیە کە هەموو دژە قارەمانانەکان لە نێو دەبات تا بتوانێ حکوومەتی ویستی دڵی خۆی بەرپا بکات، ئەو داسەپاندنی ویستە لە ڕازی کردنی بابیەوە بۆ خوازبێنی تا ڕازی کردنی پاشای دەمێشق بۆ پێدانی کچەکەی لە خۆ دەگرێ. قارەمانی ئەو چیرۆکە لە هەموو هێزە زەوینی و ئەو پەرییەکان کەڵک وەردەگرێ بۆ ئەوەی بە ویستی دڵی بگات.

## سەرچاوەکان:

١- اسکولز، رابرت؛ درآمدی بر ساختارگرایی در ادبیات؛ ترجمه فرزانه طاهری، چاپ دوم، تهران، نشر آگه، ١٣٨٣.

٢- تودوروف، تزوتان؛ بوطیقای ساختارگر؛ ترجمه محمد نبوی؛ چاپ دوم، تهران، نشر آگه، ١٣٨٢.

٣ -مکاریک ایرناریما؛ دانش نامه نظریه های ادبی؛ ترجمه مهران مهاجر و محمد نبوی، تهران، نشر آگه ، ١٣٨٤.

٤ -تاباک قاسم، شازادە ئیبراهیم، چاپی یەکەم، نەشری هیوا، ١٣٨٨.

٥- براهانی رضا ، قصه نویسی؛ چاپ اول، نشر البرز، ١٣٦٨.

٦- آزاد راضیه ،فصلنامه پژوهش های ادبی، سال٧، شماره ٢٦، ١٣٨٨.

٧ -فلکی محمود، روایت داستان؛ چاپ اول، تهران، نشر بازتاب نگار،١٣٨٢.

٨- کمبل جوزف ،قدرت اسطوره؛ ترجمه عباس مخبر، چاپ اول، تهران، نشر مرکز، ١٣٧٧.

٩- سلیمی هاشم، چیروک، چاپ اول، تهران، نشر آنا، ١٣٩٠.

■ هاوڕێمان بن لە ماڵی کتێبی کوردی:

■ **Telegram: https://t.me/kurdishbookhouse**

www.kurdishbookhouse.com